بەرنامەکانی ئەمڕۆ

هەموو بەرنامەکان

گوێ لە رادیۆ بگرە

گەڕان

Search this site

هاوکاری

MÉTÉO

Sulaimani, Iraq

48°C

T.Ressentie 48°C

Ensoleillé

Aujourd´hui: 50°C / 37°C

samedi Vendredi Demain

/ 49° 37° | 37° / 50° | / 49° 37°

Data powered by

دیمانە

هاوڕێ باخەوان: کوردیپێدیا، پڕۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد

هاوڕێ باخەوان

دیمانە: هەڤاڵ ئەژاد/وێبرادیۆی کوردی-فەرەنسیRFK

هاوڕێ باخەوان، بەڕێوەبەری پڕۆژەی "کوردیپێدیا" لەم دیدارەدا باس لە پڕۆژەی کوردیپێدیا دەکات وشێوازی کارکردنی ئەو پڕۆژەیە ڕووندەکاتەوە

وێبرادیۆی کوردی-فەرەنسی: پڕۆژەی کوردیپیدیا چییە؟
هاوڕێ باخەوان: کوردیپێدیا، پڕۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەناسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟!...
کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی نەنسیکلۆپێدیایە، کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

وێبرادیۆی کوردی-فەرەنسی: بیرۆکەی کوردیپێدیا چۆن سەریهەڵدا؟
هاوڕێ باخەوان: لەڕاستیدا پاش ئەوەی کە ساڵی 1999 پەرتووکی (هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد)م بڵاوکردەوە، ویستم لەو پڕۆژەیەدا بەردەوام بم، بەڵام شێوازی زانیارییەکانی ناو هاوڕێنامە، بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆجییانە بوو و ڕووداوەکانی ئەم دووایینانەش ئەوەندە زۆر بوون ناسان نەبوون هەموویان لە خشتەی هاوڕێنامەدا تۆماربکرێن! هەربۆیە پاش ئەو کوردیپێدیا هاتە کایەوە، کە سەرباری تەواوی زانیارییەکانی هاوڕێنامە، بووە ئەنسیکلۆپیدیایەکی گەورە و ماوەی چوار ساڵە بەبەردەوامی کاری تێدادەکرێت و نێستا هەموو زانیارییەکانی لەسەر ئنتەرنێتە و هەر کەسێك دەتوانێت بیانبینێت و سوودیان لێوەربگرێت..

وێبرادیۆی کوردی-فەرەنسی: شێوازی کارکردنی کوردیپێدیا چۆنە و چ جۆرە زانیارییەکی تێدایە؟
هاوڕێ باخەوان: کوردیپێدیا تەنها و تەنها ئەو زانیارییانە لەخۆ دەگرێت کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییان بەکوردەوە هەیە، جگە لەمە هیچ زانیارییەکی تری گشتیی تێدا تۆمارناکرێت! ئەمەشە خاڵی جیاکەرەوەی کوردیپێدیا و وێکیپێدیای جیهانی..
زانیارییەکانی ناو کوردیپێدیا کە پێکهاتووە لە دەیان هەزار بابەتی هەمەجۆرەی پەیوەست بە کوردەوە و هەروەها هەزاران پەرتووکی دیجیتاڵ و هتد، هەموویان پۆلێن کراون بۆ نزیکەی بیست پۆل و لەو پۆلانەشدا پۆلێنی تر کراون بۆ پۆلی بچووکتر، تاوەکو هەر کەسێك بتوانێت بەناسانی بازنەی زانیارییەکان بچووك و بچووکتر بکاتەوە، بۆئەوەی ئەوەی مەبەستییەتی دەستی بکەوێت..

دوایین بابەت

هاوڕێ باخەوان: کوردیپێدیا، پڕۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد
JULY 15, 2012

بەڕێوەبەری وێبرادیۆی کوردی-فەرەنسی: هاوکاری ئەو کەسانەمان قبووڵ نەکرد کە دەیانویست ئیمەش ببینە بەشێك لە ڕاگەیاندنی سێیەم یاخود حیزبی
JULY 10, 2012

جاڕنامەی نێونەتەوەیی ئەرك و مافەکانی ڕۆژنامەوانان: "چارتی میونخ"
JUNE 27, 2012

مەولوود ئافەند لە کوێیە؟!
JUNE 19, 2012

"سیناریۆکانی دەسەڵاتداران ئارامی و ئاسایشی ژیانی خەڵکی کوردستان دەشێوێنن!"
MAY 10, 2012

فڕانسوا هۆڵاند بووە سەرۆکی وڵات، پارتیی سۆسیالیست هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی فەرەنسای بردەوە
MAY 6, 2012

Votre pub ici

ڕۆژمێر

July 2012

S	S	F	T	W	T	M
1						
8	7	6	5	4	3	2
15	14	13	12	11	10	9

له کوردیپیدیادا هیچ زانیارییەکی شاردراوە نییە و ئەوەی هەیە دەبینرێت، ماڵپەڕی کوردیپیدیاش ماوەیەکە لە رووی تەکنیکییەوە جێگیرتر بووە و ماشێنی گەڕانی ئاسایی و وردی زۆر بەباشی کاردەکەن و بەردەوام لەلایەن میوانەکانییەوە بەکاردەهێنرێن.. سەرباری ئەوەش میوانەکان دەتوانن ئەوەی دەیانەوێت لەرێگەی پۆلەکانەوە بە فایلی پی دی ئێف داونلۆدی بکەن و سوودی لێببینن..

لۆگۆی کوردیپیدیا

وێبرادیۆی کوردی-فەرەنسی: هەنگاوەکانی داهاتووی کوردیپیدیا چین؟
هاوڕێ باخەوان: ماڵپەڕی کوردیپیدیا، ئێستا رۆژانە 3 تا 4 هەزار جار سەردان دەکرێت.. رۆژانە بابەت و وێنەی زۆر دەگەنە دەست کوردیپیدیا و پاش پۆلێنکردنیان تۆمار دەکرێن..
کوردیپیدیا ئێستا لە پرۆژەیەکی تاکەکەسییەوە چووتە دەرەوە و کۆمەڵێك کەسی باش بوونەتە هاوکاری و بەردەوام خەریکی تۆمارکردن و باشترکردنی بابەتەکانین، کە ئەمەیان زۆر دڵخۆشکەرەیە و بووەتە کارێکی هەرەوەزی و بەردەوامیش هاوکاری زۆرتر دەبێت..
هەنگاوی داهاتووی کوردیپیدیا زۆرن و ماوەیەکە سەرقاڵی ئەوەین کە ماڵپەڕەکە بکەینە فرەزمان و لەوەشدا سەرکەوتنێکی تاڕادەیەك باشمان بەدەستهێناوە

بۆ ئەوەی کوردیپیدیا ببێتە داتابانکێکی ئەتەوەیی و زۆرینەی زانیارییە گرنگەکانی ئەتەوەییمان لەخۆبگرێت، کوردیپیدیا لە داهاتوودا ئەم هەنگاوانە پیادە دەکات! هەنگاوەکانیش دیارە پەیوەست دەبێت بەتوانای ماددییەوە

- کوردیپیدیا دەبێتە خاوەنی وێب-هۆستینگی خۆی و نزیکەی 50 GB شوێنی دەبێت. ئەمە زۆر گرنگە تاوەکو هەموو فایلەکانی کوردیپیدیا لە یەك ناوەندا بێت و بەکارهێن تووشی کێشە نەبێت. تێبینی، کوردیپیدیا تەواوی فایلەکانی لەسەر وێبی باخەوانە و هەندێکیش لە فایلەکانی لەسەر سکای درایڤی تایبەتیی هاوڕێ باخەوانە
(تێبینی نامادەکار: ئێستا کوردیپیدیا لەسەر وێبی خۆیەتی www.kurdipedia.org)

- کوردیپیدیا، بەشێوەیەکی بەردەوام دیزاینی ماڵپەڕەکەی باشتر دەکات. هیچ کاتێك دیزائی کوردیپیدیا گۆڕانی 100%ی بەسەردا نایەت، تاوەکو بەکارهێنەکانی سەریان لێ تێکنەچێت! هەر گۆڕانکارییەك بکرێت، هەنگاوی بەپەلەی تێدا ناکرێت. هەروەها گۆڕانکارییەکان نابێت ببێتە هۆی ئاڵۆزکردنی گەڕان و بەکارهێنانی ماڵپەڕەکە، دەبێت هەردەم بەسادەیی بمێنێتەوە و رەنگی زۆری تێدا بەکارنەهێنرێت!

- کوردیپیدیا وەك رێکخراوێکی کوردی لە وڵاتی هۆڵندا تۆمار دەکرێت.

- ژمارە بانکی تایبەتی بۆ کوردیپیدیا دەکرێتەوە – بە دراوی یۆرۆ.

- رووپەڕی کوردیپیدیا لە ئێستادا بە کوردیی باشوور (سۆرانی)، کوردیی باکوور (بادینی)، عەرەبی، ئینگلیزی ئامادەیە و لە ئێستاشدا کار بۆ زمانەکانی کرمانجیی تیپی لاتینی، فارسی و هۆڵندی دەکەین و ئەوەندەی ئەماوە تەواو ببن.. پاشانیش هەوڵی زمانەکانی تری وەك ئەڵمانی و فەرەنسی و تورکی و هی تریش دەدەین، تاوەکو هەر کەسێك بیەوێت کوردیپیدیا بەو زمانە بکاتەوە کە خۆی دەیەوێت..

- بۆ باشتر ناساندنی پرۆژەی کوردیپیدیا لە هەندێك تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان رێکلامی بۆ دەکرێت.

- کوردیپیدیا دەرگای دۆنەیشن لە رێی PayPalەوە دەکاتەوە و تەواوی یارمەتییەکان و خەرجییەکانی لەسەر ماڵپەڕەکەی بەشێوەیەکی ترانسپەرانت پیشاندەدات.

- لاپەڕەی کارکردنی خۆبەخشەکانی کوردیپیدیا بۆ تۆمارکردن و گۆڕینی بابەتەکان باشتر و ئاسانتر دەکرێت.

- لە باشووری کوردستان بنکەیەك دەکاتەوە و وەك رێکخراوێکی زانیاریبەخشی قازانجنەویست لەلای وەزارەتە پەیوەندارەکان تۆماردەکرێت.

- هەوڵی بەدەستهێنانی 5 کارمەندی باش دەدات بۆ بنکەی باشووری کوردستان. هەریەك لەو کارمەندانە دەبێت خەڵکی بەشێکی کوردستان بن. تاوەکو کوردیپیدیا بتوانێت بەهۆیانەوە زانیاریی زۆر دەربارەی تەواوی بەشەکانی کوردستان بە کوردەکانی سۆڤیەتی پێشووشەوە، کۆبکاتەوە تۆش پێشنیازێکی باشترت هەیە و ئێمە باسماننەکردووە تکایە پێمان رابگەیەنە...

پرۆفایل:
هاوڕێ باخەوان 1966 لە دایک بووە
دەرچووی کۆلیژی یاسایە
ساڵانێک لە ئەندام و پێشمەرگەی پاسۆک بووە
جگە لە پرۆژەی کوردیپیدیا چەندین کتێبی نووسیوە و بڵاوکراوەتەوە
کارمەندی ئەتەوەیەکگرتووەکانە لە دادگای لاهای لە هۆڵەندا و لە بەشی یوگۆسلافیای پێشوو بەرێوەبەری داتاکانە
کتێب و نووسین و پرۆژەکانی تری لەم ماڵپەڕە بڵاو دەکاتەوە www.bakhawan.com

Tweet 1 2 Share Like 25
Like 25 Send

Votre pub ici

22	21	20	19	18	17	16
29	28	27	26	25	24	23
					31	30
				Jun »		

RFK radio franco kurdeرادیۆی کوردی-فەرەنسی on Facebook
Like 437
کوردی-فەرەنسی: هاوکاری ئەو کەسانەمان قبوول نەکرد کە دەبانویست ئیمەش ببینە بە radio-rfk.com
[caption id="attachment_1060" align="alignnone" width="425" caption="هەڵگورد سەمەد، بەرێوەبەری وێبرادیۆی کوردی-فەرەنسیRFK"][/caption]
دیداری باشور باشور: ئەرکی میدیای حزبی و ئازاد بەچی جیاوازە ؟ هەڵگورد سەمەد: پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیLire la suite
July 11 at 12:53am
Facebook social plugin